Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-26

# ڕەنگدانەوەی مێژووی سەلاحەدینی ئەیوبی لەناو ڕۆژنامەنووسی کوردی لە نیو سەدەدا (١٨٩٨-١٩٤٨)

**مەجید سالّح عەزیز**

راوێژكاری پلە ئەلف لە پەرلەمانی كوردستان، هەرێمی كوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **Novemer, 2025** |

**Keywords**

**ڕۆژنامەگەریی كوردی، سوڵتان سەلاحەدین، ناسنامەی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم، مێژووی میدیا، نوێنەرایەتی سیمبۆلیک**

**Corresponding Author**

m.salihaziz@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە شیكردنەوەیەكە بۆ ڕۆڵی گرنگی ڕۆژنامەگەریی كوردی لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٤٨ لە برەو دان بە سوڵتان سەلاحەدین وەک سیمبولێكی نەتەوەیی كورد. لە ڕێگەی شیكردنەوەی سیستەماتیكی ڕۆژنامە و گۆڤارە كوردییەكانی ئەو سەردەمەوە، توێژینەوەكە دەریدەخات چۆن میدیای كوردی بە بەردەوامی وتار، وێنە و شێوازە جۆراوجۆرەكانی ناوەڕۆكی پەیوەندیدار بە گرنگیی مێژوویی سوڵتان سەلاحەدینی بڵاوكردووەتەوە، بە مەبەستی بەهێزكردنی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی كوردی.

دەرئەنجامەكان ئەوە پیشاندەدەن، كە لە هەموو قۆناغەكانی ئەم پەنجا ساڵەدا، ڕۆژنامەگەریی كوردی بە ئەنقەست وێنەی سوڵتان سەلاحەدینی وەک سیمبولێكی نەتەوەیی یەكگرتوو بەكارهێناوە. ئەمەش لە ڕێگەی چەندین ڕێبازی ڕۆژنامەوانی جۆراوجۆرەوە ئەنجامدراوە كە دەربڕینی وێنەیی، ناوەڕۆكی سەروتار، گێڕانەوەی مێژوویی و وتاری بیروڕایی لەخۆدەگرێت. توێژینەوەكە ئاماژە بەوە دەكات كە، میدیای كوردی لەو سەردەمەدا سەرەتا وەک ئامرازێكی ئایدیۆلۆژی بۆ بونیادنانی نەتەوە كاری كردووە زیاتر لەوەی، كە پابەندی ستانداردە پیشەییەكانی ڕۆژنامەوانی بێت.

توێژینەوەكە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، كە وێناكردنی بەردەوامی سوڵتان سەلاحەدین لە ڕۆژنامەگەریی كوردیدا بەشێوەیەكی بەرچاو بەشداریی كردووە، لە بونیادنانی میتۆلۆژیای نەتەوەیی كوردی و بەهێزكردنی گوتاری ناسیۆنالیزم لە قۆناغێكی هەستیاری پێكهێنانی ناسنامەدا. ئەم شیكردنەوە مێژووییەی میدیا تێڕوانینی بەنرخ دەخاتەوو سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەگەری، سیمبولی مێژوویی و گەشەسەندنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەكان لە چوارچێوەی كوردیی سەرەتا، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا.

## پێشەکی:

سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی (١١٣٨-١١٩٣ز) یەکێکە لە گرنگترین کەسایەتییە مێژووییەکانی کورد ،کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر مێژووی ناوچەکە و جیهانی ئیسلامی هەبووە. سەرەڕای رۆڵی گرنگی ئەم کەسایەتییە لە مێژووی کورددا، تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بە چۆنیەتی پیشاندانی لە رۆژنامەگەری کوردیدا ئەنجامنەدراوە، بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتاکانی دەرکەوتنی رۆژنامەگەریی کوردی.

کوردبوونی سوڵتان سەلاحەدین و پێگەی بەرزی لە مێژووی ئیسلامی و جیهانیدا، وایکردووە ببێتە کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش لە گوتاری نەتەوەیی و فەرهەنگی کوردیدا، بەتایبەت لە سەردەمی رێنیسانسی کوردی، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی رۆژنامەگەریی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. لەم سەردەمەدا، روناکبیرانی کورد هەوڵیان داوە لە رێگەی دەستنیشانکردنی کەسایەتییە مێژوویيە گەورەکانی کورد، بناغەیەکی کولتووری بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دابنێن.

رۆژنامەگەریی کوردی، کە سەرەتاکەی بۆ دەرچوونی رۆژنامەی "کوردستان" لە قاهیرە لە ساڵی ١٨٩٨ دەگەڕێتەوە، رۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی ئاگایی مێژوویی و نەتەوەیی گێڕاوە. لە رێگەی رۆژنامەو گۆڤارەکانەوە، روناکبیرانی کورد توانیویانە پەیامی نەتەوەیی و فەرهەنگی خۆیان بە خوێنەران بگەیەنن و کەسایەتییە مێژووییەکانی کورد بە شێوازێکی نوێ لە بڵاوکراوەکانیاندا بەرجەستە بکەنەوە.

ماوەی نێوان ١٨٩٨-١٩٤٨ بە قۆناغێکی گرنگ و وەرچەرخان لە مێژووی فکری و سیاسی کورد دادەنرێت، چونکە لەو پەنجا ساڵەدا، کوردستان گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینی، لە هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا بگرە، تا دەگاتە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و دامەزراندنی حکومەتەکانی شێخ مەحمود و کۆماری کوردستان. ئەم گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە رەنگدانەوەی راستەوخۆیان لەسەر گوتاری رۆژنامەوانی کوردی هەبووە.

لەم سیاقە مێژووییەدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشک بخاتەسەر چۆنییەتی باسکردنی کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو ماوەیەدا، سوڵتان سەلاحەدین وەک کەسایەتییەکی جیهانی، کە خاوەنی رەهەندی نەتەوەیی (کوردبوون) و ئایینی (موسوڵمانبوون) بووە، دەتوانێت وەک نموونەیەکی باش بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان گوتاری نەتەوەیی و ئایینی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا توێژینەوەی و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

سەرەڕای رۆڵی گرنگی سوڵتان سوڵتان سەلاحەدین لە مێژووی کورد و ناوچەکەدا، تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بە چۆنیەتی خستنەڕووی ئەم کەسایەتییە لە رۆژنامەگەری کوردیدا ئەنجام نەدراوە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو یان تەنها فۆکوسیان لەسەر لایەنی مێژوویی ژیانی سوڵتان سەلاحەدین بووە، یان بەشێوەیەکی گشتی باسیان لە رۆژنامەگەری کوردی کردووە بەبێ ئەوەی تیشک بخەنەسەر رۆڵی کەسایەتییە مێژووییەکان لە گوتاری رۆژنامەوانیدا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدای، کە پەیوەندیی نێوان دوو بواری گرنگ دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە: مێژووی کورد لێرەدا، کە لە سوڵتان سەلاحەدیندا خۆی دەبینێتەوە و رۆژنامەگەری کوردی، لە رێگەی شیکردنەوەی گوتاری رۆژنامەکانی قۆناغی توێژینەوەکە دەربارەی سوڵتان سەلاحەدین، دەتوانین تێبگەین کە روناکبیرانی کورد چۆن سوودیان لە کەسایەتییە مێژووییەکان وەرگرتووە بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و کولتووری. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانێت رۆشنایی بخاتە سەر چۆنییەتی گۆڕانی وێنەی کەسایەتییە مێژووییەکان لە گوتاری رۆژنامەوانیدا، بەپێی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

هەروەها، لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان رەهەندە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە گوتاری رۆژنامەوانی کوردیدا بخاتە ژێر شیکردنەوەوە، بەتایبەت لە رووی روماڵکردنی کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین وەک پاڵەوانێکی کورد و ئیسلام. ئەم لایەنە بەتایبەت گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی گەشەکردنی فکری نەتەوەیی کوردی و پەیوەندی لەگەڵ ئایینی ئیسلام، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

ئەم توێژینەوەیە پشت بە سەرچاوەی دەستی یەکەم دەبەستێت، کە بریتین لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی نێوان ساڵانی ١٨٩٨-١٩٤٨، هەروەها سوود لە سەرچاوەی دەستی دووەم وەردەگرێت بۆ تێگەیشتن لە سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە.

بۆ ئاسانکاری لێکۆڵینەوەکە، ماوەی توێژینەوەکە بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەشدەکرێت: قۆناغی یەکەم (١٨٩٨-١٩١٨): لە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی. قۆناغی دووەم (١٩١٨-١٩٣٢): لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی تا دەرچوونی گۆڤاری هاوار.

قۆناغی سێیەم (١٩٣٢-١٩٤٨): لە دەرچوونی گۆڤاری هاوار لە دیمەشق تا دامەزراندنی و رووخانی کۆماری کوردستان. ئەم دابەشکردنە لەسەر بنەمای گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و کاریگەرییان لەسەر گوتاری رۆژنامەوانی دارێژراوە.

دواجار، هیوامان وایە ئەم توێژینەوەیە بتوانێت بەشدارییبکات لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەرانی بواری مێژووی رۆژنامەگەری و ناسیۆنالیزمی کوردی.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری و میتۆدۆلۆژی

### یەکەم: گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

- یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییە کە بەشێوەیەکی سیستەماتیک باس لە کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی دەکات، لە رۆژنامەگەری کوردیدا.
- تیشک دەخاتەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەسایەتییە مێژووییەکان لە گوتاری رۆژنامەوانی کوردیدا.
- پەیوەندی نێوان مێژوو، ناسنامەی نەتەوەیی و رۆژنامەگەری دەخاتەبەر لێکۆڵینەوە.

### دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە: "چۆن وێنەی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی لە رۆژنامەگەری کوردیدا لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨-١٩٤٨ خراوەتەڕوو و چ گۆڕانکارییەک بەسەر ئەم وێنەیەدا هاتووە، بەپێی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی؟"

### سێیەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

لە رێگەی بەکارهێنانی میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گوتار (Discourse Content Analysis)، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، نەک تەنها ئەو زانیارییانەی دەربارەی سوڵتان سەلاحەدین لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە بخاتەڕوو، بەڵکو چۆنییەتی پیشاندانی، چەمک و دەستەواژە سەرەکییەکان، چوارچێوەی گوتارەکان، و ئەو ئایدیا و بەهایانەی لە پشت باسکردنی سوڵتان سەلاحەدینەوە هەن، دەستنیشانبکات.

## بەشی دووەم: پاشخانی مێژوویی سوڵتان سەلاحەدین و رۆژنامەوانی کوردی

### یەکەم: پوختەیەک لەسەر ژیانی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی:

یوسف کوڕی ئەیوب کوڕی شادی کوڕی مەروان، لە ساڵی ٥٣٢ کۆچی بەرامبەر بە ١١٣٨ زایینی، لە تکریت لە دایکبووە، پاشتر وەک زۆربەی سەرکردەکانی ئەو سەردەمە ناوی (سەلاحەدین)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. پێچەوانەی سەردەمی بوەیهییەکان، کە زۆربەیان لەقەبی (دەوڵەت)یان هەڵدەبژارد، وەک عەزەد دولە، سەمام دولە، بەها دولە، لە سەردەمی ئەیوبی و زەنگییەکاندا زیاتر (دین) دەکرایە پاشگر و لەقەب، عماددەین، ئەسەدەدین، نەجمەدین، سەلاحەدین.. (مؤنس،١٩٥٩: ٤٠٧)

ئبن خەلەکان، سەبارەت بە لە دایکبوونی سوڵتان سەلاحەدین نووسیویەتی: "لە ساڵی ٥٣٢ کۆچی لە قەڵای تکریت لە دایکبووە، ئەو کاتە باوک و مامی لەو قەڵایەدا دەژیان، وا دیارە دوای لە دایکبوونی سەلاحەدین زۆر تێدا نەماونەتەوە... دەوترێت ئەو شەوەی لە قەڵای تکریت دەرکراون، سەلاحەدین لە دایکبووە، بۆیە پێوقدودمیان بە خێر نەزانیوە... "[1] (ابن خلکان، ١٩٧٨ج٧: ١٤٥-١٤٤)

محەمەد ئەلشافعی، مێژوونووسی میسری سەبارەت بە ژیاننامەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی لە کتێبی(الناصر صلاح الدین)دا نووسیویەتی: "سەلاحەدین لە دیمەشق سێیەم پایتەخی جیهانی ئیسلامی پەروەردەبووە، هەموو تەمەنی منداڵی و

1 . ئبن واسڵ (ابن واصل) لە بارەی لە دایکبوونی سەلاحەدین و ژمارەی کوڕ و کچەکانی نووسیویەتی: لە یەکێک لە مانگەکانی ساڵی ٥٣٢ لە دایک بووە و لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ٢٤ ساڵ فەرمانڕەوای میسر و ١٩ ساڵ فەرمانڕەوای شام بووە و حەفدە کوڕ و کچێکی هەبووە. منداڵەکانی ناویان: ئەفزەل، عەزیز، زاهیر، قوتبەدین، زافیر، ئەبو سەیف، موئەید، موعیز، جواد، ئەشرەف، موحسین، فەخرەدین، غالب، مەنسور، نوسرەتەدین، عمادەدین، کچەکەشی ناوی موئنیسە خاتوون بووە، هاوسەری ئامۆزاکەی کامل کوڕی مەلیک عادل بووە. (بن واصل١٩٥٧ج٢: ٤٢٥-٤٢٦)

هەرزەکاریی لەو شارەدا بە سەر بردووە، هەرچەندە زانیاریی زۆر لە سەر ئەو قۆناغەی ژیانی سەلاحەدین نییە، بەڵام ئاشکرایە، کە هەموو جۆرە پەروەردە و فێرکردنێک کە بۆ کوری ئەمیرەکان فەراهەمکراوە بۆ ئەویش دابینکراوە، بەشی زۆری قورئانی لەبەر کردووە، زمانی عەرەبی بە باشی لە رووی رێزمان و نووسینەوە فێر بووە، هەرچەندە زۆر قوڵنەبووەتەوە تێیدا، بەڵام شیعری نووسیوە و لە بنەماکانی زانیوە. وەرزشەوان و سوارچاک بووە، لە یاریی حەچانی و شمشێربازی و تیرهاوێژی و رمدا شارەزابووە، هەموو جۆرەکانی راوکردنی بە باز و تانجی زانیوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە بە دوای ژیانێکی ئارامدا گەڕاوە؛ پێچەوانەی مامی حەزی لە سەرکێشی نەبووە و کەسایەتییەکی بەهێز و هۆشیاری هەبووە. لە رێگەیدا دوو ئاراستە هەبوو، یەکەمیان سەخت و دژوار، کە بەرەو لای ناوبانگی و مەزنایەتیی دەیبرد، دووەمیان ئاسان و نەرم، کە بەرەو لای شەرەف و هێوری و ئارامی دەیبرد، ئەو دووەمیانی هەڵبژارد، ئەو لە سەر دەستی شێخ عەبدوڵلا ئبن ئەبی عەسرون (٤٩٠ - ٥٨٥) کە ئیمامی سەردەمی خۆی بووە، فێری زانستەکان بووە.(الشافعي، ٢٠١٠: ٣٣)

محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سەبارەت بە سەردەمی گەنجێتی سەلاحەدین دەڵێ: "دەرحەق بەو زەمانەی، کە لە شامدا و لە پێش چوونی بۆ میسردا ڕایبواردووە، لە تەڕەف موئەریخینی عەرەبەوە، هیچ نەبێژراوە. ئەمما موئەریخینی غەرب بەعزێکیان ئەڵێن، کە سەلاحەدین دەوامی مەجلیسی سوڵتان نوورەدینی ئەکرد و بە سیفەتی ئەمەی کە کوڕی حاکمی شام بوو، حورمەت و عیزەتی ئەبینی. جوانێکی عاقڵ و شارەزا و بە ئەدەب بوو، ڕیعایەتی دینی زۆر ئەکرد و ڕەنگە وەکو ئەمیرزادەکانی ئەو زەمانە مەیلی ڕاو و شکاریشی بووبێ. بێ شوبهە یاری "گۆ و گۆچان"ی ئەکرد. بەعزەن لەگەڵ سوڵتان نوورەدیندا ئەم یارییەی ئەکرد." (زەکی بەگ، ٢٠٢١: ٧٦٥)

ڕۆژهەڵاتناس و شوێنەوارناسی بەریتانی ستالی لین پول (١٨٥١-١٩٣١) لە بارەی خۆپەروەردەکردنی سەلاحەدین لە لاوێتیدا نوسیویەتی: "سەلاحەدین وەک باوکی موسڵمانێکی خواناس بوو، لە دیمەشق هەلی زۆری بۆ ڕەخسا بۆ پەروەردەکردنی خۆی. لەو زەمانەدا بۆ شارەزابوون لە زانستی فیقهی ئیسلامی، پیاوە فەقیهو زاناکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە سەمەرقەند و قورتەبەوە دەهاتن بۆ مزگەوت و مەدرەسەکانی دیمەشق بۆ فێربوون و فێرکردن، لەگەڵ خۆیاندا مەعریفە و نەریت و هونەریان دەهێنا. سەلاحەدین لە گۆشەیەکی لای ڕۆژئاوای مزگەوتی ئەمەوی دادەنیشت و گوێی لە دەرسەکانی ئبن ئەبی عەسرون دەگرت..."(بوول، ١٩٩٥ :٨٤)

سەلاحەدین، لە دیمەشق لە بەردەستی باوکی پەروەردە بوو، لە شازدەساڵیدا لەگەڵ باوک و مامیدا بوو، بە جەنگاوەری نورەدیدنی زەنگی: "هەر لە سەرەتاوە نەجابەت لە کەسایەتیدا دەرکەوتووە، نورەدین هەمیشە وەک کەسێکی زیرەک و بیرتیژ و خاوەن ئەقڵێکی رەخنەگر تەماشای کردووە. دەبێ دان بەوەدا بنێین، ئێمە سەبارەت بە ژیانی گەنجێتیی سەلاحەدین زانیاریمان نییە، ئەوەش شتێکی نامۆ نییە، چونکە منداڵ بووە، کە چووەتە ریزی سوپاوە و هەلی بۆ نەڕەخساوە، تا لە پاڵ فەرماندە گەورە و ئازاکاندا دەرکەوێ، سوپای نورەدین لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر فەرماندەی ئازای تێدا بووە، سەلاحەدین خۆشی باسی گەنجێتیی خۆی بۆ نەکردوین، بەڵام زۆر خەفەتی بۆ ئەو سەردەمە خواردوە و بیری کردووەتەوە، ئەوەش ئاساییە بۆ کەسێک، کە نیشانەکانی پیری و پەککەوتەیی تێدا دەرکەوێت، مێژوو لەو کاتەوە باسی سەلاحەدین دەکات، کە لەگەڵ شێرکۆی مامیدا هێرشیان کردووەتە سەر میسر، لەوانەشە لە کاتی گەنجێتیدا وەک هەر گەنجێکی دیکە لەو تەمەنەدا خەریکی رابواردن و خواردنەوە بووبێ و کە هاتووەتە میسر و ئەرکی وەزیری پێدراین، تۆبەی کردبێ... (ابو حديد،١٩٢٧ :٤٨-٤٩)

ئەندرۆ ئێهرنکرۆتز (١٩٢١-٢٠٠٨) پرۆفیسۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زانکۆی میشیگان پێیوایە: "سەلاحەدین، لە ئەسپسواریدا ناوی دەرکردبوو، هەروەها زۆر حەزی لە یاریی (چۆگان - پۆلۆ) بوو، بەردەوام لەگەڵ نورەدین زەنگیدا ئەو یاریەیان دەکرد.  پێدەچێت هەر بە رەبەنی مابێتەوە، لانیکەم تاوەکو پێش ساڵی ١١٦٤ لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی ئەوە ناکات، کە ژنی هێنابێ. ئەوانەی ژیاننامەی ئەویان نووسیوە دەڵێن لە سەرەتای ساڵی ١١٦٩دا وازی لە خواردنەوە هێناوە و لە رابواردن دوورکەوتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، تا تەمەنی سی و یەک ساڵی، لە سەر ئەو کارە بەردەوامبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ،کە ئەو ئەفسەرە گەنجە بە کاریگەریی ئایدیاڵە ئەخلاقییەکانی نورەدین زەنگی لە سەر نەبووە، نورەدین بەوە ناسرابوو کە زۆر بە توندی پابەندی دینی ئیسلام بووە. بەهەرحاڵ سەلاحەدین هەرگیز حەجی نەکردووە، هەرچەندە ئەیوب لە ساڵی ١١٥٧ زایینی، شێرکۆ لە ساڵی ١١٦٠ زایینی سەرکردایەتی کاروانی حاجیانی دیمەشقیان کردووە بۆ مەککە. لە ساڵی ١١٦١ زاینیدا شێرکۆ جارێکی دیکە سەرۆکایەتیی کاروانێکی حاجییانی کردووە، کە نورەدین زەنگیشی تێدا بووە." (44: Ehrenkreutz, 1972)

سوڵتان سەلاحەدین، لە لایەن نورەدین زەنگییەوە کرا بە سەرۆکی پۆلیسی دیمەشق. پاشان لە لەشکرکێشییەکانی مامی بۆ سەر میسر ، سێ جار چووە بۆ ئەو وڵاتە.

یەکەم جار لە ساڵی ١١٦٤ز بوو، دووەم جار لە ١١٦٧ز، و سێیەم جاریش لە ١١٦٩ز. لە سەفەری سێیەمدا، شێرکۆ بووە وەزیری میسر، و دوای مردنی شێرکۆ، سەلاحەدین جێی گرتەوە.

لە ساڵی ١١٧١ز، کاتێک خەلیفەی فاتیمی (العاضد) مرد، سەلاحەدین هەلیقۆستەوە و بە فەرمی کۆتایی بە خەلافەتی فاتیمی هێنا، کە نزیکەی ٢١٠ ساڵ حوکمی میسری کردبوو. سەلاحەدین ناوی خەلیفەی عەباسی (المستضيء) لە خوتبەی نوێژی هەینیدا خوێندەوە، کە نیشانەی فەرمی کۆتایی هاتنی دەوڵەتی فاتیمی و گەڕانەوەی میسر بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی سوننە. بەم شێوەیە سەلاحەدین توانی بە ئاسانی و بێ خوێنڕشتنێکی زۆر کۆتایی بە دەسەڵاتی شیعە فاتیمییەکان بهێنێت و پاش مردنی نورەدین زەنگی بە لەشکرێکەوە بەرەو شام و کوردستان رۆیشت و کۆتایی بە دەوڵەتی زەنگی هێنا و بناغەی دەوڵەتی ئەیوبی دابمەزراند و نزیکەی هەشتا ساڵ بەردەوام بوو.

**دووەم: کورتە مێژوویەکی رۆژنامەگەریی کوردی (١٨٩٨-١٩٤٨)**

رۆژنامەگەری رۆڵێکی سەرەکی لە پەرەسەندنی کولتوور و هەستی نەتەوەیی گەلاندا گێڕاوە، بەجۆرێک بندکت ئەندەرسۆن لە کتێبی "کۆمەڵگە خەیاڵییەکان" (١٩٨٣)دا پێیوایە، کە نەتەوایەتی دیاردەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە خۆی لە "کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی"دا دەبینێتەوە، تێیدا تاکەکان هەرچەندە یەکتر ناناسن، بەڵام هەست بە ئینتما بە یەک نەتەوە دەکەن. ئەندەرسۆن پێیوایە "سەرمایەداریی چاپەمەنی رۆڵێکی سەرەکی لە پەیدابوونی ئەو "کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی"دا دەگێڕێت، چونکە رۆژنامەگەریی چاپکراو لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بە زمانە لۆکاڵییەکان بەشدارییدەکات لە دروستکردنی هۆشیارییەکی هاوبەش لە نێوان خەڵکدا و هەستی هاوزمانی و چارەنووسی هاوبەشیان تێدا بەهێزدەکات. رۆژنامەوانی رۆڵی گەورە دەگێڕێت لە یەکخستنی زاراوەکان و ستانداردکردنی زمانە نەتەوەییەکان، ئەوە جگە لەوەی دەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەو سیمبول و بەها هاوبەشانەی، کە بوونەتە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی. بەم شێوەیە، ڕۆژنامەگەری ئامرازێکی سەرەکییە لە گواستنەوە لە وەلائی ئایینی یان خێڵەکی وناوچەگەری بۆ وەلائی نەتەوەیی و نیشتمانی، رۆژنامەگەری رۆڵی سەرەکی دەگەڕێت لە بونیادنانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان وەک قەوارەی نەتەوەیی خەیاڵی. (اندرسن، ١٣٩٣: ١١٣)

لە نێو کوردستاندا، رۆژنامەگەری، کە لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا، تا ئێستا ئامرازێکی گرنگ بووە بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و دواجار نەتەوەسازیدا. رۆژنامەگەریی کوردی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕییوە، لێرەدا بە کورتی دەیانخەینەڕوو:

**قۆناغی یەکەم: رۆژنامەی" کوردستان" (١٨٩٨)**

رۆژنامەی "کوردستان" لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچوو. ئەو سەردەمە هاوکاتبوو لەگەڵ کۆتاییەکانی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، کە بە سەردەمی داپڵۆساندن ناسراوە. میقداد مەدحەت بەدرخان، کوڕی بنەماڵەی میرنشینی بەدرخانییەکان، کە ئەزموونێکی سیاسی و رۆشنبیریی بەرچاوی هەبوو، دەستی بە دەرکردنی ئەم رۆژنامەیە کرد. رۆژنامەی "کوردستان" بە دوو زمان (کوردی و تورکی) بڵاودەکرایەوە و تەرکیزی لەسەر چەند بوارێکی سەرەکی دەکرد:

- پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لە نێو کورداندا
- پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی
- باسکردنی مێژووی کورد و کوردستان
- رەخنەگرتن لە سیاسەتی عوسمانییەکان لە کوردستان

لە دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەک لە قاهیرە، بەهۆی گوشارەکانی دەوڵەتی عوسمانی، رۆژنامەکە گوازرایەوە بۆ جنێڤ، دواتر لەندەن و فۆلکستۆنی بەریتانیا. گشتی ٣١ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە تا ساڵی ١٩٠٢، کە کۆتایی بەدەرچوونی رۆژنامەکە هات.

**قۆناغی دووەم: رۆژنامەگەری کوردی لە سەردەمی دوای شۆڕشی ١٩٠٨ی عوسمانی (١٩٠٨-١٩١٨)**

ساڵی ١٩٠٨ تورکە لاوەکان شۆڕشێکی دەستوورییان لە دژی سوڵتان عەبدولحەمید بەرپاکرد و لەدەسەڵاتیان دوورخستەوە، ئەم شۆڕشە دەرفەتێکی نوێی بۆ رۆژنامەگەری کوردی رەخساند. لەو سەردەمەدا چەندین رۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە ئەستەنبوڵ دەرچوون:

- کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی (١٩٠٨): بڵاوکراوەی کۆمەڵەی "کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی" بوو.
- رۆژی کورد (١٩١٣): لەلایەن کۆمەڵەی "هێڤی" (هیوا)ی خوێندکارانی کورد دەردەچوو.
- هەتاوی کورد (١٩١٤): لەلایەن عەبدولکەریم سلێمانی دەردەچوو.
- ژین (١٩١٨-١٩١٩): کە بایەخی تایبەتی بە مەسەلە سیاسی و نەتەوەییەکان دەدا.

رۆژنامەکانی ئەو قۆناغە بە هەندێک تایبەتمەندیی سەرەکی دەناسرێتەوە:

- گرنگیدان بە زمانی کوردی و یەکخستنی ئەلفبێی کوردی
- گفتوگۆی کێشە سیاسییەکانی کوردستان و عوسمانی
- هەوڵدان بۆ دەرخستنی کێشەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا
- پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان

**قۆناغی سێیەم: رۆژنامەگەری کوردی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨-١٩٣٢)**

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کوردستان دابەشکرا بەسەر چەند دەوڵەتدا. ئەم دابەشبوونە کاریگەریی گەورەی لەسەر رۆژنامەگەری کوردی هەبوو. لە هەر بەشێکی کوردستان، بارودۆخێکی جیاواز بۆ رۆژنامەگەری کوردی هاتە پێشەوە.

**١. رۆژنامەگەری کوردی لە باشووری کوردستان**

باشووری کوردستان، کە کەوتبووە ژێر ماندێتی بەریتانیا و دواتر لکێندرا بە دەوڵەتی عێراقەوە، رۆژنامەگەری کوردی پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و چەندین رۆژنامە دەرچوون لەوانە:

- پێشکەوتن (١٩٢٠-١٩٢٢): یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە سلێمانی، کە لەلایەن مێجیەر سۆن، بەڕێوەبەری سیاسیی بەریتانی، سەرپەرشتییەکرا.

- بانگی کوردستان (١٩٢٢): بڵاوکراوەی جەمعیەتی کوردستان بوو،کە مستەفا پاشا سەرنووسەری بوو و رۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی بیری سەربەخۆیی کوردستاندا گێڕا.

- رۆژی کوردستان: (١٩٢٣) کە زمان حاڵی حکومەتی دووەمی شێخ مەحموود بوو، شێخ نوری شێخ ساڵح سەرنووسەری بوو.

بانگی حەق: (١٩٢٣) کە لەشکری شێخ مەحمود لە ئەشکەوتی جاسەنە دەری دەکرد.

- ئومێدی ئیستقلال: (١٩٢٣-١٩٢٤) کە زمانحاڵی حکومەتی سێیەمی شێخ مەحموود بوو، ئەحمەد خواجە، رەفیق حیلمی و حسێن نازم سەرنووسەری بوون.

- گۆڤاری دیاری کوردستان: ساڵی ١٩٢٥-١٩٢٦ لە شاری بەغدا دەردەچوو و ساڵح زەکی ساحێبقران خاوەن ئیمتیازی بوو.

- ژیانەوە (١٩٢٤-١٩٢٦): رۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، لە سلێمانی دەردەچوو.
- زاری کرمانجی، ١٩٢٦–١٩٣٢ خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر حوسێن حوزنی موکریانی.

-ژیان (١٩٢٦-١٩٣٨): یەکێک لە درێژخایەنترین رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بوو، کە بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و زانستی تێدا بڵاودەکرایەوە.

ژین: پیرەمێرد خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بوو.

**٢. رۆژنامەگەریی کوردی لە باکووری کوردستان (تورکیا) و سووریا**

لە تورکیادا، بەهۆی سیاسەتی تواندنەوەی رژێمی کەمالیستی، بواری رۆژنامەگەری کوردی زۆر سنووردار بوو. بەڵام نوخبەی کورد بە تایبەتی بنەماڵەی بەدرخان لە سووریا، کە ئەو کاتە لە ژێر ماندێتی فەرەنسادا بوو، هەندێک بڵاوکراوەی کوردی دەرچوون:

- هاوار (١٩٣٢-١٩٤٣): لەلایەن جەلادەت بەدرخان لە شام بە ئەلفبێی لاتینی دەردەچوو، کە رۆڵێکی گرنگی لە داڕشتنی ئەلفبێی کوردی-لاتینیدا گێڕا.

**قۆناغی چوارەم: رۆژنامەگەریی کوردی لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی و دوای ئەو (١٩٣٩-١٩٤٨)**

١. **رۆژنامەگەریی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.**

لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)، رۆژنامەگەریی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی کرد:

- نیشتمان (١٩٤٣): ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) بوو.
- کوردستان (١٩٤٦): بڵاوکراوەی فەرمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کە بە زمانی کوردی و فارسی دەردەچوو.

**٢. درێژەپێدانی رۆژنامەگەریی کوردی لە سووریا**

-رۆناهی (١٩٤٢-١٩٤٥): گۆڤارێکی وێنەدار بوو، کە لە دیمەشق دەردەچوو.
-ستێر (١٩٤٣-١٩٤٥): گۆڤارێکی ئەدەبی و کولتووری بوو.

**٣. بەردەوامبوونی رۆژنامەگەریی کوردی لە باشوری کوردستان**

- گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩): گۆڤارێکی ئەدەبی، کولتووری و زانستی بوو کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەرنووسەری بوو و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەدەبی کوردی هەبوو.
- دەنگی گێتی تازە (١٩٤٣): رۆژنامەیەکی سیاسی و کولتووری بوو.

## بەشی سێیەم: سوڵتان سەلاحەدین لە رۆژنامەکانی قۆناغی یەکەم (١٨٩٨-١٩١٨)

**یەکەم: رۆژنامەی کوردستان**

میقداد مەدحەت بەدرەخان، پێیوابوو تەنیا رێگەی گەیشتن بە مافەکان خەباتی چەکداری نییە، بەڵکو سەرەتا دەبێ هۆشیاریی نەتەوەیی لە ناو نوخبەی خوێنەواردا بڵاوبکرێتەوە، پاشان لە رێگەی ئەوانەوە خەڵک بە مافەکانیان و ئەو زوڵم و ستەمەی لێیان دەکرێت ئاشنابکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ رۆژنامەی (کوردستان)ی لە قاهیرە بە زمانی کوردی و تورکی بە پیتی عەرەبی دەرکرد. رۆژنامەی کوردستان لە گرنگیدان بە مێژووی کوردستان رچەشکێن بوو، بە تایبەتی گرنگیدان بە مێژووی بنەماڵە ناودار و سەرکردە و رێبەرە دیارەکانی کورد.

رۆژنامەی کوردستان، چەندین وتاری لە سەر مێژووی هەرێمی بۆتان و مێژووی بنەماڵەی بەدرخانی فەرمانڕەوای ئیمارەتی بەدرخان و بە شێوەیەکی تایبەت باسی لە بنەماڵەی سوڵتانی سەلاحەدین ئەیوبی و دەوڵەتی کوردی ئەیوبی کردووە. لە ژمارە ١٥ رۆژنامەکەدا کە لە ١٣ ئایاری ١٨٨٩ ٢ موحەرەمی ١٣١٧ دەرچووە بابەتێک بە ناوی (سەلاحەدینی ئەیوبی) بڵاوکراوەتەوە تێیدا هاتووە: **"مؤسس دوڵتا ئەیوبی سەلاحەدین ئەیوبییە. ئەو خۆ کورد بی، ژ خێلا (روادیدە) بی، باب و با پیری وی ژ (دوین)ێ بی. بابێ وی شادی هەردوو لاوێن خوە نەجمەدین ئەیوب و ئەسەدەدین شێرکۆ هلانی ژ گوندێ خوە (دوین)ی دەرکەت، چوو بەغدادێ. وی دەرێ وەفات کر، هەردوو لاوین وی کەتن بەر خدمتا مجاهدەدین بەهروز کو وی زەمانێ وەزیری سوڵتان مەسعود سەلجووقی بی، بەهرۆز ژ وان هەر دوو لاوا یێ مەزن کر محافظی (تکریت)ێ.**

**....**

**سەلاحەدین ئەیوبی کو نامی وی دی یوسف بی، ساڵا پنج سەد و سی و دوو ل تکریتێ هات سەر دنێ. بەعلەبەکی و شامێ لتەك بابێ خوە تربیە بی و وقتا، کو چقاس فەرەنگ هەنە حەمی بالاتفاق را بین ل سەر موسڵمانا سلطان یوسف سەلاحەدین ئەیوبی نە گەلك هەندک قوەتا دەست خودە مەحضا بهمت وغیرتا خوە لە حمیارە مقالە و شان و شەرفا مسلمانی یێ محافظە کر.**

**سەلاحەدین بیست و دو ساڵا حکومت کر، سالا پنج سەد و هشتێ و نو یێ لە شاری شامی وفات کر، ئەو خوە جەسور، عادل، کەریم و خوێ مەرحەمەت بی، حەمی علوم وحەتا علم طوب تەحصیل کر بی، ئیرۆ ئەوروپا حەمی ناڤێ وی بە گەلێک ئیحترام یاد دکە، ئەو مرۆ موجب ئیفتخارا حەمی مسلمانایە. از هیڤی ژخدێ دکەم کو ناڤ کوردا دو و سێ مرۆێ دی وەك وی سوڵتانی پەیدا ببن دا کوردا ج وی تەهلوکا ئەو و حەمی مسلمان تێدنە خەلاص بکن".**

لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە سیاسی- کلتورییەی، کە لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ رووبەڕووبوونەوەی پەراوێزخستنی کورد دەستی پێکردبوو، نووسەر لە لەسەرەتای وتارەکەیدا ژیاننامەی سەلاحەدینی ئەیوبی وەک سەرکردەیەکی کورد و دامەزرێنەری دەوڵەتی بەهێزی کوردی دەخاتەڕوو، ئامانج لەوەش ناساندنی سەلاحەدینە وەک "سیمبولێکی نەتەوەیی کوردی"، لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا.

ئەو دەقە سەلاحەدین ئەیوبی وەک کەرەستەیەک بەکارهێناوە بۆ دووبارە خاوەندارێتیکردن لە کەسایەتییەکی مێژوویی، کە زۆرجار لەلایەن عوسمانی و عەرەبییەکانەوە هەوڵدراوە لە کوردبوونی دابڕێن. ئەم دەقە بەڕوونی سەرنجەدخاتە سەر لایەنە کوردییەکەی سەلاحەدین. "ئەو خۆ کورد بی"، "ژ خێلا (روادیدە)یێ... ژ (دوین)ێ بی"، "بابێ وی شادی هەردوو لاوێن خوە نەجمەدین ئەیوب و ئەسەدەدین شێرکۆ هلانی ژ گوندێ خوە (دوین)ی دەرکەت..." ئەم رستانە بناغەیەکی ئاشکرا بۆ کوردبوونی سەلاحەدین دادەڕێژن، لەوێشەوە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی دەقەکە دیارییدەکرێت.

نوسەر لەم دەقەدا سەلاحەدین تەنها وەک فەرماندەیەکی سەربازی ناخاتەڕوو، بەڵکو وەک سیمبولێکی ئەخلاقی و ڕۆحی بۆ نەتەوەی کورد و موسڵمانان دەیناسێنێت، لە وتارەکەدا سەلاحەدین وەک مۆدێلێک دەخرێتەڕوو، کە لە کاتی کێشە و ململانێکاندا دەبێتە فریادڕەس و بەم شێوەیە وەسفی دەکات: جسور، عادل، کەریم و خاوەن مەرحەمەت..."، "فەضل و کەمال و شجاعەت و هیمەتا..."، "مرۆ موجب ئیفتخارا حمی مسلمانایە..."

نووسەر لەخوای دەوێ چەندین کەسایەتی لەو شێوە لە ناو کورددا هەڵکەوێت و دەڵێ "از هیڤی ژخدێ دکەم کو ناڤ کوردا دو و سێ مروێ دی وەك وی سوتانی پەیدا بین دا کوردا ج وی تەهلوکا ئەو و حەمی مسلمان تێدنە خلاص بکن."

لایەنێکی گرنگی تری ئەم وتارە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی سەلاحەدین بەهۆی ڕەوشتی بەرز و لێبوردەیی لە کاتی دەستڕۆیشتوویی و سەرکەوتندا، تەنانەت لەلایەن دوژمنەکانیەوە ڕێزی زۆری لێ گیراوە.

**دووەم: گۆڤاری ڕۆژی کورد**

گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، کە لە لایەن کۆمەڵەی (هیڤی)ی کوردەوە ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەمبول مانگانە هەردوو زاراوەی کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو دەردەچوو. یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکە لە ڕۆژی ١٩ حوزەیرانی ١٩١٣زایینی لە ئەستەمبول دەرچووە. بە گشتی چوار ژمارەی لێ دەرچووە و پاشان لە لایەن دەسەڵاتدارنی عوسمانییەوە داخراوە. خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە عەبدولکەریم کەرکوکلی زادە بووە.

ئەم گۆڤارەش بە دەستووری ڕۆژنامەی کوردستان، بە هەمان نەفەس و بۆ هەمان ئامانج، گرنگیی بە مێژووی ناودارانی کورد داوە و ئەم گۆڤارە لەوەدا رچەشکێن بووە،کە وێنەی خەیاڵی و حەقیقیی بەشێک لەو ناودارانە لە بەرگی گۆڤارەکەدا داناوە.

بەرگی یەکەمی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە تەرخانکراوە بۆ وێنەیەکی سەلاحەدینی ئەیوبی و لە ژێر وێنەکەدا نووسراوە: "**ئەی یەک لە تاکە داهاتووە پێ وێنەکانی دنیا! لە راستیدا دایکی زەمانە، ڕۆڵەیەکی بە وێنەی وەک تۆی نەبووە. ئەی یەک لە داهێنەرەکانی کورد؛ سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی.**"

لە دووەمین ژمارەی گۆڤارەکەدا کە لە ١٤ شەعبانی ١٣٣١ (١٩ تەمووزی ١٩١٣) دەرچووە، بەشی یەکەمی بابەتێک بە زمانی تورکی بە ناوی (کورد اعظمي حضورند صلاح الدين ايوبي . لە بەردەم ناودارانی کورددا: سەلاحەدینی ئەیوبی) بڵاوکراوەتەوە؛ بابەتە بە درێژیی باس لە ژیان و بە سەرهاتی سەلاحەدینی ئەیوبی و بنەماڵەکەی دەکات. لە بەشێکی بابەتەکەدا هاتووە: "**لە یەکێک لە شارۆچکەکانی ئەوسای کوردستان کە تکریت بوو، منداڵێک لە خێزانێکی میرزادەی ڕەسەنی کورد، لە ساڵی ٥٣٢ کۆچی هاتە دنیاوە. ئەو منداڵە پاش ٣٥ ساڵ نازناوی بوو بە ئەبو موزەفەر ئەلمەلک ناصر سوڵتان یوسف سەلاحەدین. ئەم منداڵکە کە دواتر ئەم هەموو پایە بەرزییەی بە دەستهێناوە، سەرەتای ژیانی لەگەڵ باوکی و ئەسەدەدین شێرکۆی مامی بە سەر بردووە.**" (ڕۆژی کورد، ١٩١٣ژ٢: ١٧)

"**سەلاحەدین هەرچەند جارێ بۆ میسر بچووایە، سەربەرزانە و بە توانابییەوە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرد و سەرنجی هەموو لایەکی بۆ لای خۆی رادەکێشا... سەلاحەدین پاش سێ ساڵ لە وەزارەت بەڕێوەبردن، لە ساڵی ٥٥٧ کۆچیدا خەلیفەی فاتمیی ئەلعازیدەدین بیللا کۆچی دوای کرد، سەلاحەدین یەکسەر فەرمانی دا ناوی خەلیفەی عەباسی موستەضی لە دوانی هەینیی بخوێندرێ، بەمەش کۆتایی بە هوکمڕانی شیعە لە میسر هێنا و حوکمی سونە لە سەر ڕێبازی ئیمامی شافعی دەستی پێ کرد، بەم جۆرە سەلاحەدین حکوومەتی دەلەی ئەیبویەی سەربەخۆی دامەزراند و حوکمی میسر و دەروبەری کرد....**" (ڕۆژی کورد، ١٩١٣ژ٢: ١٨)

ستراتیژی وتارەکە بریتییە لە شکۆدارکردنی سەلاحەدینە وەک سیمبولێک، کە ڕەچەڵەکێکی کوردی هەیە و خزمەتی گەورەی بۆ ئیسلام کردووە. سەلاحەدین وەک کوڕی هۆزی "میرزادەی ڕەسەنی کورد" ناودەبات، کە لە "تکریت" گەورەبووە، و لە منداڵییەوە لەگەڵ نەجمەدین ئەیوبی باوکی و شێرکۆی مامی بە نوێنەرایەتی نورەدین زەنگی لە هەڵمەتەکانیان بۆ میسر بەشدار بووە. نووسەری وتارەکە هەنگاوە مێژوویەکەی سەلاحەدین، کە کۆتایی بە حوکمی فاتیمییەکان هێنا لە میسر و وتاری هەینی بۆ کرد بە ناوی خەلیفەی عەباسی، وەک گۆڕانکارییەکی چارەنووسساز لە حوکمی شیعەوە بۆ حوکمی سوننی دەخاتەڕوو. نووسەر هەوڵدەدا سەلاحەدین وەک "پارێزەری بیروباوەڕ" و "نوێکەرەوەی سوننە" پیشانبدات.

لەو دەقە کورتەدا زمانەوانییەکی دەوڵەمەند، بەڵام بە هەندێ زێدەڕۆیی و ستایشکردنەوە بەکارهاتووە، وەک "ئەو منداڵە پاش ٣٥ ساڵ نازناوی بوو"، و "زگماکی"، و "بەهەموو میرەکان ڕاگەیاند، کە نابەوێ چیتر خوێنی موسڵمانان برژێ"، ئەمانە فۆرمگەلێکن، کە کار دەکەن بۆ کێشانی وێنەیەی سەلاحەدین وەک پاڵەوانێکی ئەخلاقی و مرۆیی، کە بانگەشە بۆ ئاشتی

دەکات، و پارێزگاری لە گیانی موسڵمانان دەکات، و خاوەنی "حیلمی و ئارامیی" تایبەتە. ئەم زمانە پڕ لەهەست و سۆزە ئەوە دەسەلمێنێت، نووسەر دەیەوێت بەبێ چوونە ناو ئاڵنگاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی یان ناسنامەی ئیسلامیی، وتارەکەی لە پێناوی بنیاتنانی یادەوەرییەکی بەکۆمەڵی بۆ کورد بنووسێ.

بەشی دووەمی وتارەکە لە ژمارە سێی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە، لە کۆتایی ئەم بەشەشدا تەنیا بە پیتی (م...) ئاماژە بە ناوی نووسەری بابەتەکە کراوە. لەبەر گرنگی بابەتەکە، لێرەدا دوو پەرەگراف کە لە کتێبی (ڕۆژی کورد ١٩١٣ ئەستەمبول گۆڤاری جڤاتی هێڤیی قوتابیانی کورد) لە نووسینی عەبدوڵڵا زەنگەنەدا بڵاو کراوەتەوە، دەخەینەڕوو: "**سوڵتان سەلاحەدین پاش ئەم هەموو سەرکەوتنانەی، بەهەموو میرەکانی دەوروپشتی ڕاگەیاند، کە نایەوێ چیتر خوێنی موسڵمانان بڕژێ، بۆیە لەگەڵ خاچپەرەستەکاندا چەند ڕێککەوتنێکی مۆر کرد، لە هەمان ساڵدا سوریا تووشی گرانییەکی زۆر سەخت بووبووەوە، بۆیە زۆر لە خانەوادەکانی ڕوویان لە میسر کرد، تا لە خێروبێری حوکمڕانیی سەلاحەدین دا بژین، ئەویش جێگا و شوێنی بۆ دابین کردن...**" (ڕۆژی کورد، ١٩١٣ژ٣: ١٠)

"**دادپەروەری و ئازایەتی و زیرەکی سەلاحەدین، هێندە بەرز بوو، لە سەرووی خەیاڵەوە بوو، حیلمی و ئارامیی ئەو شتێکی زگماکی بوو، خوا پێی بەخشیبوو، بەمە گەورەترین خزمەتی بە کورد و ئیسلام گەیاندووە. گەورەیی ئەو پیاوە تەنیا لە بەر کوردایەتییەکەی نەبوو، بەڵکو لەبەر پاراستنی شەرەفی خاک و موسڵمانان بوو، بۆ پاراستنی مافە ڕەواکانی مرۆڤایەتی بوو...**" (ڕۆژی کورد، ١٩١٣ژ٣: ١٣-١٤)

لە ژمارە (٣) گۆڤاری (ڕۆژی کورد) کە لە لە ١١ ڕەمەزانی ١٣٣١ (١٤ ئابی ١٩١٣) دەرچووە، وتارێک بڵاوبووەتەوە بە ناوی (بەری شیری قەڵەم)، هەرچەندە ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە، بەڵام لە لاپەڕە شەشی هامان ژمارەدا وتارەکە بە تورکی بڵاوبووەتەوە و ناوی نووسەرەکەی لە سەر نووسراوە کە (ساڵح بەدرخان)ە. نووسەری وتارەکە وەک زۆربەی نوخبەکانی دیکەی ئەو سەردەمە، ڕەخنە لە دۆخی باوی کورد دەگرێ و هۆکاری دواکەوتوویی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی زانست و مەعریفە، بە دنیای سیاسەت و هەر ئەوەش وایکردووە بێ تەدبیربن بۆ حاڵی خۆیان و بەردەوام لە خزمەتی بێگانەدا بن. پاشان باس لە بێ ئاگایی کورد دەکات لە مێژووی خۆی و دەڵێ: ئێمە چەندین عالم و شاعیر و خەڵکی ناوداری وەک شێخوئیسلام ئەبو سعود، مەلای جەزیری، مەلایێ گۆرانی، حەریری، نالی، حەریق، ئەحمەدی خانی، شێخ ڕەزا، حاجی قادر، ئبن ئەسیر،... بەڵام کەسیان ناناسین.. نووسەر لە وتارەکەیدا بە شێوەیەکی تایبەت جەخت لە بێ ئاگایی کورد دەکاتەوە، لە کەسایەتی گەورەی سەلاحەدین ئەیوبی کە دنیا شانازیی پێوەدەکات، جگە لە خودی کورد و دەڵێ: "**تاریخەك مە نڤیستی تونە ... شەرما مەزن ژی ئەوە، بلی وان مەزنان، مروڤەکی دی مەزن و جێ هاتی وەکە سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی ژ مەیە و سەد حەیف بیت ل مە وی ناس ناکن. دنیا عالەم حەموو ئیسلام پێ ئیفتیخار دکەن هەکە ئەمین، ناڤی وی بێ علم و خەبەرین، ئەو سەلاحەدین کو ژ دینی رە هندە خدمەت کری، ئیسلام ژ ئینقراضێ خەلاس کری وب فەتحا قودسێ بوویی عومەری ثانی، خوەیین خاچ پرسا خوە کرین یەك ئەو خوە ژی بوونە یەك، دەست هلانین دا ئیسلامیی ژ ناڤ حالی، راکن، دەهاتن ب زەحف با جارا رە قودس ژی.. هەسپ و دەواری وان ل وێ دەری گرێدایی بوون... خولاسە زەحف حەقارەت کربوون.. قازێ سوڵتان قازی فازل دەرکەت مینبەرێ خوتبە کر ... لێ پر دل شکستی و مە لول بێژی. خوتبا وی مە نزوم و سەر بەیتا وی ئەوبوو:**

**الحمد لله ذلت دولت الصليبي**

**وعز بالكردى دين المصطفى العربي**

**.... یەك وەکی وی زات مەزن کو شەرەفەك مەزن و قەومی مەرە هێشتی ئەم ناس ناکن، ئەم چ خەیری ژ وی هەبوونا خوە هێڤی بکن. ئەو قوسورینی هان ژی چنە هون دزانن؟ حەمی ژ بێ علمی و مەعریفەتی یە کو تاریخەك مە کوردا نینە، ژ بلی عالەمی ئەم خوە ب خوە ناس ناکن و ئەم ژ خوە و ژ قەوما خوە غافلن، دە ئیدی خەلکی نە ژ مە چاوامە ناس بکن و ل ناڤ خوە دە ناڤ دەنگەکی ژمە رە چێکن و ئان بهیلن.**

**ژ وی بێ تاریخی خەسارا مە زەحف مەزن و زەحف خورتە، دڤێ ئەم بخەبتن و هی دەمی خەبتانی قەنج نەبوری، تاریخەك کورد چێکن....**" (ڕۆژی کورد، ژمارە٣: ٢٥-٢٦)

ئەم وتارەی ساڵح بەدرخان دەکرێت بە بەشێکی گرنگی بزووتنەوە هزری نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کورد دابنرێت، کە بەدرخانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە بونیادنانیدا گێڕاوە. ساڵح بەدرخان لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە دۆخی باوی کورد، دەیەوێ ستراتیژێکی ڕەخنەگرانەیە بگرێتەبەر و ڕووبەڕووی دیاردەی نەزانین و بێئاگایی لە مێژوو لەلایەن کوردەوە، ببێتەوە، کە بە

هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی و خزمەتکردنی کورد بۆ بێگانەی دەزانێت. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی پەنا بۆ بەڵگە مێژوویی دەبات و سەلاحەدین ئەیوبی دەکات بە نمونەی بەرجەستەی بۆچوونەکانی. بەدرخان لە کۆتایی دەقەکەدا داوا لە کورد دەکات بۆ چارەسەری کێشەکانی، دەبێت مێژووی خۆی بزانێت و تاریخێکی کوردی بۆ خۆی بنووسێتەوە.

ئەم وتارەی بەدرخان تەنیا گوتارێکی وەسفی نییە، بەڵکو لە گوتارەکەیدا چەند دیمەنێک بەرجەستەدەکات، کە هۆکارن بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، دیمەنی یەکەم کورد وەک میللەتێکی بێ ئاگا لە مێژووی خۆی و دواکەوتوو پیشاندەدات، دیمەنی دووەم سەلاحەدینە وەک قارەمانێکی گەورەی کورد، کە دنیا پێی ئاشنایە، بەڵام کورد خۆی نایناسێت، دیمەنی سێیەم خاچپەرستەکانن وەک دوژمنی ئیسلام کە لە کۆتاییدا سەلاحەدین وەک کوردێکی موسوڵمان شکستی پێهێناون و قودسی لێسەندونەتەوە، هەروەها دیمەنی ململانێی مێژوویی نێوان موسوڵمانان و خاچپەرستەکان بەرجەستەدەدات، بۆ ئەوەی وەبیری هێنانەوەی مێژوو رۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و ئیسلامیدا ببینێت.

**سێیەم: گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠)**

گۆڤاری (کوردستان) زمانحاڵی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)، لە نێوان ساڵانی ١٩١٩- ١٩٢٠ چاپ و بڵاو کراوەتەوە و گۆڤارێکی فیکریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و زانستی بووە. یەکەم ژمارەی لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ دەرچووە و ١٩ ژمارەی چاپکراوە. خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسی گۆڤاری کوردستان، محەمەد میهری و سەرنووسەرەکەشی "ئارواسەیزادە محەمەد شەفیق"بوو، لە ژمارەی ١٣ بە دواوە سەید حوسێن بوو بە بەرپرسی گۆڤارەکە. لە ژمارە یەکەمی گۆڤاری کوردستاندا، محەمەد میهری، شیعرێکی بە زمانی عەرەبی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ناوی هەموو شارەکانی کوردستان و ناودارانی کورد(سەلاحەدین، کەریم خانی زەند و ئەمیرەکانی بابان و بەختیاری و گۆران..) باسکردووە و بە سەلاحەدین ئەیوبی دەستپێدەکات و تێدا دەڵێت:

ل (ایروان) و اکوار و بلدان
فیها انتمت بلعلا اغصان (ایوب)
منها بدت شمس انصاف و عرفان

لە پەراوێزێکدا شەرحی وشەی (ئەیوب)ی بەم جۆرە کردووە مەبەست لە باوکی سوڵتان دادپەروەرە یوسف سەلاحەدین ئەیوبییە گۆڕی پڕ نوور بێت.

لە ژمارە ٣ گۆڤارەکەدا بابەتێکی دیکەی محەمەد میهری بە زمانی تورکی لە سەرناوی (مزایا استعداد فطری مز) بڵاوبووەتەوە و لێرەشدا نووسەر باس لە رۆڵی کورد دەکات لە بوارەکانی مێژوونووسین و ئەدەب و شارستانییەت و ئەو سەرکردە کوردانەی لە دروستکردنی رووداوەکاندا رۆڵیان هەبووە. لەم وتارەشدا جەخت لە رۆڵی سەلاحەدینی ئەیوبی کراوەتەوە و لە پێشەنگی ئەو کوردانەدا ناوی هاتووە، کە کاریگەرییان لە مێژوودا هەبووە.

لە لاپەڕە ١١٢ ژمارە ٦ (گۆڤاری کوردستان)دا، هەمان وێنەی سەلاحەدین کە لە بەرگی گۆڤاری (رۆژی کورد)دا بڵاو کرابووەوە، ..) باسکردووە و و لە ژێریدا نووسراوە: (سلطان صلاح الدین ایوبی حضرتلری- حەزرەتی سوڵتان سەلاحەدین) و هیچ بابەتێکی پەیوەندیدار بە سوڵتان سەلاحەدین لەو لاپەڕەدا نییە. لە ژمارە ١٠ گۆڤارەکەوە وێنەکەی سەلاحەدین لە تەنیشتی لای راستی لۆگۆی گۆڤارەکەدا دانراوە و تا ژمارەکانی ١١ ، ١٢ ، ١٣، ١٤ و ١٥ بەردەوام بووە. دوابەدوای ئەوە، وێنەی کەسانی دیکەی وەک شەریف پاشا و سەعید نەورەسی و محەمەد میهری دانراوە.

## بەشی چوارەم: سوڵتان سەلاحەدین لە رۆژنامەکانی قۆناغی دووەم (١٩٢٠-١٩٣٢)

**یەکەم: رۆژنامەی پێشکەوتن:**

لە ژمارە ٥٧ی رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا کە لە ٢٦ مەی ١٩٢١ بڵاوبووەتەوە، وتارێک لە ژێرا ناوی (سەلاحەدین)دا بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە یەکێک لە مونەوەرەکانی ئەو سەردەمە نووسیویەتی و تێیدا هاتووە: "**سەلاحەدینی ئەیوبی یەکێک لە پیاوە ئێکجار گەورە بە ناوبانگەکانی میللەتی کورد بووە. لە مانگی رەمەزان لە ساڵی ٨٣٣ لە شاری تکریت لە دایک بووە. هەندێ موئەریخین دەڵێن، کە لە عەشیرەتی جاف بووە، بەڵام زۆرتر لایانوایە، کە لە عەشیرەتێکی کوردی ئەرمەنی بووە. دایک و باوکی چوونە شام، کە لەو زەمانەدا مەرکەزی عیلم و مەدەنیەتی ئیسلام بووە. لەوێوە لەژێر چاودێری عولەمای گەورەدا ماوەتەوە، تەحسیلی کردووە. کە گەورە بوە لە لەشکری نورەدینی کوڕی زەنگیدا خزمەتی ئەکرد. لەو وەختەدا بێجگە لە خەلیفەی عەباسیەی بەغداد، خولەفای فاتیمەیشی لە میسردا هەبو. ئەوەڵ ئیشی، کە سەبەبی ناو بڵاوی و بەرزبونی سەلاحەدین بوە، گرتنی میسر و شکاندنی**

**خەلافەتی فاتمییەکان بوە، کە لە ساڵی ٥٦٤ بەجێی هێنا. لە ساڵی ٧٥٠دا نورەدین ئەمری خوای کرد. هەندێ لە پیاوە گەورەکان لەگەڵ گەورەیەکدا بێجێییان نواندوە، بەڵام سەلاحەدین هەمویانی شکاندوە و لەپاش ساڵێکی تر لەلایەنی خەلیفەی بەغداد بە مەنسەبی سوڵتان بەرزکرایەوە. بەم تەحرە وردە وردە ئەو مەملەکەتە کە لە بەینی شیمالی ئەفریقە و موسڵە، هێنایە ژێردەستی خۆی. لەم زەمانەدا ویلایەتی بیت المقدس و بەیرەت لە دەست پادشایەکی لاتینیدا بوە. سەلاحەدین وەختێک کە لە شەڕی میسر فارغ بو، لەشکری خۆی بردە ئەوێ و لە ساڵی ٥٨٨دا ئەغلەبی ئەو لاتەی فەتح کرد بو.**

**لەپاش هەندێ فتوحاتی گەورەتر لە ساڵی ٥٨٩دا وەفاتی کرد و لە شاری شامدا دفن کرا. سەلاحەدین مدیرێکی زۆر زیرەک و عەقڵدار بو. وە بە واستەی هەوڵدان و تێکۆشینی ئەو مەمالیکی مەشرەقی، کە لەو وەختەدا لەبەر شەڕ و هەرا و هوریا لە بەینی خۆیان زەعیف و کەم هێز بو بون. سەرلەنوێ یەکێتی‌یان نواندەوە و بەو پێشکەوتنی عمومە تەقەلایان دا. لە تەئریخدا دەبێژرێت، کە سەلاحەدین لە هەمو نەوع عەیش و عەشیرەی ئەجتبانی ئەکرد. جلی سادە و حەزی لە خۆڕازاندنەوە نەکردووە. لە خواردن و خواردنەوەیشدا هەر وا بوە. پیاوێکی زۆر لە خواترس و ئازاد بوە. دەبێژرێت کە لە شەڕێکدا هەرچەند تیربارانی دوژمن زۆر قورس بوایە، سەلاحەدین بە سواری ئەسپ پێش لەشکری خۆی دەکەوت، بە قورئانی کەریم خوێندن دەلالەتی عەسکەرەکانی دەکرد. دیوانخانەی بۆ هەمو کەس کراوە بوە و بە بچوکترین خزمەتکاری خۆی دڵسۆز و میهرەبان هەبو. هەمو موئەریخین پێی لە راست رۆیشتن و ئازایی ئەم پیاوە گەورەیە دەنێن."**

پێکهاتە و ڕێکخستنی وتارەکە لە چوارچێوەیەکی کرۆنۆلۆجیدا داڕێژراوە، لە لەدایکبوونی سەلاحەدین لە ساڵی ٨٣٣ لە تکریت، تا کۆچی دوایی لە ساڵی ٥٨٩. دەکرێت گوتارەکە بە سێ بەشی سەرەکی دابەشبکرێت: سەرەتای ژیان و پەروەردە، سەرکەوتنە سەربازییەکان، تایبەتمەندییە کەسییەکانی سەلاحەدین. ئەم دابەشکردنە هاوسەنگییەکی باش بە نێوان ڕووداوە مێژووییەکان و تایبەتمەندییە کەسییەکاندا دەبەخشێت.

وتارەکە بە دەستەواژەی "یەکێک لە پیاوە ئێکجار گەورە بە ناوبانگەکانی میللەتی کورد" دەستپێدەکات، کە ڕاستەوخۆ سەلاحەدین بە نەتەوەی کوردەوە دەبەستێتەوە. هەروەها باسی ناکۆکی مێژوونووسان دەکات، لەسەر ئەوەی سەر بە هۆزی جاف بووە یان هۆزێکی "کوردی ئەرمنی"!.

وتارەکە جەختی زۆر لەسەر سەرکەوتنە سەربازییەکانی سەلاحەدین کردووەتەوە، بەتایبەت ڕووخاندنی خەلافەتی فاتیمی لە میسر (٥٦٤)و یەکخستنی ناوچەکانی نێوان باکووری ئەفریقا و موسڵ و  فەتح کردنی بەیت المقدس (قودس) و بەیروت لە ساڵی ٥٨٨.

بەشی کۆتایی وتارەکە تەرخانکراوە بۆ تایبەتمەندییە کەسییەکانی سەلاحەدین وەک: زیرەکی، سادەژیانی، خواترسی، ئازایەتی، میهرەبانی و دادپەروەری.

هەندێک لە مێژووەکان لە سیستەمی کۆچیدان و هەندێکیان ڕوون نییە، بۆ نموونە ساڵی لە دایکبوونی سەلاحەدین (٨٣٣) بەپێی سیستەمی هیجری درووست نییە و دەبێت نزیکەی ٥٣٢ی کۆچی/١١٣٨ی زایینی بێت. هەروەها باسکردنی مردنی نورەدین لە "ساڵی ٧٥٠دا" بە ئاشکرا هەڵەیە، چونکە نورەدین لە ساڵی ٥٦٩ی کۆچی/١١٧٤ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.

وتارەکە لە ٢٦ی مەی ١٩٢١ لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە، لە سەردەمێکدا کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە گەشەسەندندا بووە. بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە لەو قۆناغەدا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە لە بنیاتنانی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیدا. جەختکردنەوە لەسەر کوردبوونی سەلاحەدین لەو سەردەمەدا کارێکی ستراتیژی بووە، بۆ نیشاندانی ڕۆڵی مێژوویی کورد لە شارستانییەتی ئیسلامیدا.

خاڵی هەرەبەرچاوی وتارەکە وێنەیەک لە بووژانەوەی ئیسلامی بە سەرکردایەتی کەسایەتییەکی کورد نیشاندەدات، کە لە دروستکردنی ناسنامەی کوردی-ئیسلامیدا کاریگەرییەکی گرنگی هەیە.

وتارەکە بەشێکە لە هەوڵی بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە ڕێگەی دەرخستنی ڕۆڵی کەسایەتییە گرنگەکانی کورد لە مێژوودا. بەکارهێنانی وەسفی ستایشکارانە بۆ سەلاحەدین، لەوانەش ئازایەتی و دادپەروەریی، دەکرێت وەک بانگەشەیەک بۆ لاساییکردنەوە و بەدواچوونی نموونەی ئەو لەلایەن خوێنەرانەوە تەماشابکرێت.

وتاری "سەلاحەدین" لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن، سەرەڕای کەموکورییەکانی لە ڕووی میتۆدی ئەکادیمییەوە، بەڵگەنامەیەکی گرنگی مێژوویی و ڕۆشنبیرییە، کە تیشکدەخاتە سەر چۆنیەتی گێڕانەوەی مێژوو لەو سەردەمەدا. وتارەکە هەوڵی داوە

تێگەیشتنێکی نەتەوەیی و ئایینی لە کەسایەتی سەلاحەدین بخاتەڕوو بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا گونجاوبێت. لەم ڕووەوە، شیکردنەوەی وتارەکە دەرفەتێکی گرنگمان پێدەدات، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی مێژوو بۆ بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

**دووەم: گۆڤاری دیاری کوردستان**

گۆڤاری (دیاری کوردستان)، کە ساڵح ساحێب قران ساحێب ئمتیاز و مودیری مەسئولی بووە و هەفتەی جارێک بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی لە بەغدا دەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە ١٥ شەعبانی ١٣٤٣ (١١ ئازاری ١٩٢٥) بڵاوبووەتەوە، هەمان وێنەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی، کە لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) دا بڵاو کرابووەوە، لە سەرووی بەرگی هەموو ژمارەکانیدا داناوە و لە ژێر وێنەکەدا نووسراوە:

تۆ نەمردووی ئەی سەلاحەدین ئەیوبی نەسەب

هەر بژی ئەی شاهی بەیتی کورد ئەی فەخری عەرەب

لە ژمارەی یەکەمەوە کتێبێک بە ناوی (سەلاحەدین ئەیوبی) بە زنجیرە لە گۆڤارەکەدا تا وەستانی بە (١٢) بەش بڵاوکراوەتەوە. لە پێشەکیی بەشی یەکەمدا هاتووە: "ئیدارە خانەی دیاری کوردستان، تەرجەمەی حاڵی سەلاحەدین ئەیوبی کۆ ئەکاتەوە و بە کوردی ئەینووسێ، پێ دەرپێ لەم مەجموعەدا نەشر ئەکرێ. فۆتۆغرافیشی لەتەک هی چەند زاتێکی تردا ئەم پۆستەیە ناردرا بۆ میسر، لەوێ زەنگرافی ئەکرێ، ئینشائەڵا لە پاش چەند ژمارەیەکی تر ڕەسمێکی گەورەتر باشتری سەلاحەدین ئەیوبی لە سەر سینە چاک و پاک دیاری کوردستان عەرزی ئینتزار خێرخواهان و برادران ئەکرێ."

پاش ئەوە پێشەکییە کورتە، نووسەر بۆ چوونە ناو ژیاننامەی سوڵتان سەلاحەدین، بە چەند پرسیارێک دەست پێ دەکات: (سەلاحەدین ئەیوبی کێیە؟ چی بووە، چیی کردووە، چۆن ناسراوە) و لۆمەی کورد دەکات کە بە باشی ئەو زاتە گەورەیە ناناسن: **"ئەوانە ئەبێ لە هەموو کەس چاکتر میللەتی کورد بیزانێ، چونکە جەنابی سەلاحەدین ئەیوبی کوردە، فەقەت وا ئەسەفا کە هێشتا گەلی کورد ئەم زاتە بوزورگەوارە ناناسن، حەتا ناونیشانیان نەبیستووە، زاتەن لە بەر بێ مەعارفی و بێ موبالاتی ئێمە کێ ئەناسین، چی ئەزانین؟**

**سەلاحەدین شاهی بەیت قەومی کوردە، فەخری میللتی عەرەبە، ... ئەیوبی دیارییەکی زۆر بە قیمەتی کوردستانە کە؛ یەدی ئەزەلیەت ئەهدای ئەبەدیەتی کردووە. سەلاحەدین ئەیوبی لە پاش حەزرەتی محەممەد و چوار یاری نەبی، سەرمایەی فەخر و موباهات قەومی عەرەبە، چونکە ئەم گەوهەرە ئیمان و قودرەتی لە گسرت ئەواندا زاهیر و هوەیدا بووە. گەوهەر لە کانی خۆیدا بێ قیمەتە، کە دەرچوو کەسبی قیمەت ئەکا، ئیرتقای قیمەت و بەها ئەکا...**

**بۆ ئجتماعیات و ئەدەبیات کورد نەقصێکی گەورەیە، ئەگەر بە ناوی موبارەکی سەلاحەدینی ئەیوبی بە کوردی ئەسەرێک نەنووسرێ. کوردستان خەیلێ شاعیر و ئەدیب و عالمی پێ گەیاندووە، فەقەت مع ئەلسەف ئەمانە ناویان نەماوە، ئەگەر مابێتیش لە پاش چەند ساڵێکی تر ناوونیشانیان نامێنێ، چونکە ئەوانە کە ئەیانناسن و شعریان لەبەردایە ئەمری خوا بەجێ یەنن؛ ئەوانیش گوم ئەبن، ئودەبا و ئومرای کورد بەم نەوعە بێ ناونیشان ماون... بۆ ئەوەی کە خزمەتێکی ناچیز بێ بەعەزمی کۆکردنەوەی ئاساری ئودەبا و شوعرامان لەم ڕۆژنامەیەدا قسمێکی مەخصوص تەخەسوسی ئەدەبیات کورد کرا، لە قاریئینی کرام رجا ئەکەین کە ئەگەر غەڵەت نووسران و یا کەم و زیاد بوون، بۆمانی بنووسن و ئەوانەی کە شعر و ئەدەبیاتی و ئاساری تاریخییە کوردیان لە بەرە و ئەم نەوعە ئاسارەیان هەیە بە ناوی ئینسانییەت و مللییەت بە ئەمانەت بۆمانی بنێرن، صورەتیان ئەگرین و بۆیان ئەنێرینەوە، دیاری کوردستان ئەم نەوعە زەواتە بێ موکافەئە ناهێڵێ، مەمنوونیان ئەکا."** (دیاری کوردستان، ١٩٢٥ژ١: ٤-٥)

ئەم دەقە کە دوای لکاندنی کوردستانی باشور بە عێراقەوە نووسراوە، هەوڵێکی گرنگی نوخبەی کوردییە بۆ بونیادنانی گوتاری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری کوردی لەبەرامبەر گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە دەیویست کورد وەک نەتەوەیەکی بێ مێژوو و بێ شارستانییەت پیشانبدات و لە ناو ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بیتوێنەتەوە. ساڵح ساحێب قران خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری (دیاری کوردستان) لە ڕێگەی گرتنەبەری هەمان میکانیزمی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەستەمبول، کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی وەک نمادێکی نەتەوەیی بۆ بنیاتنانی ناسنامەی کوردی دەخاتەڕوو؛ سەلاحەدین دەکاتە خاڵی کۆکەرەوە، کۆمەڵێک واتاوە ڕەمزییەتێکی وای پێدەبەخشێ بۆ بونیادنانی گوتاری خۆنەناسین و خۆناساندن.

سەرەتا نووسەر ڕەخنە لە میللەتی کورد دەگرێت، کە کەسایەتییەکی گەورەی وەک سەلاحەدینی ئەیوبی ناناسن، ئەم ڕەخنەیە دەچێتە خانەی گوتارێکی ڕەخنەییەوە، کە تێیدا ئەویتری ناوخۆیی کوردی نەخوێندەوار و بێ مەعریفەت لە بەرامبەر

خودی ئایدیالدا کوردی خاوەن مەعریفەت و ناسەری مێژوو دادەنرێت، ئەمەش هەوڵێکە بۆ جووڵاندنی هەستی نەتەوەیی و دروستکردنی سووژەی نەتەوەیی لە رێگەی رەخنەوە.

دەقەکە هەوڵدەدات، پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا دروستبکات، نووسەر لەو باوەڕەدایە کە نەتەوەیەک ئەگەر مێژووی خۆی نەناسێت ناتوانێت داهاتوویەکی باشی هەبێت، لێرەدا مێژوو دەبێتە کۆدێک بۆ بەرهەمهێنانی واتا و دروستکردنی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ ناسنامەی کوردی.

دەقەکە بەشێکە لەو هەوڵەی مونەورەکانی کورد، کە لە رێگەی نووسینەوەی مێژووی کورد و ناساندنی کەسایەتییە گەورەکانەوە دەیانویست لە پاڵ وشیارکردنەوەی خەڵکدا، گوتارێکی پارالێل لە دژی گوتاری زاڵی دەسەڵاتی تازەدامەزراوی عێراق بەرهەمبهێنن، کە هەموو دامودەزگاکانی دەسەڵاتی خستبووە خزمەتی.

بەهۆی سروشتی کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا، کە قوتاری نەببوو لە کۆتوبەندەکانی سەردەمی عوسمانی، نووسەر هەوڵدەدات پردێک لە نێوان گوتاری ئیسلامی و گوتاری نەتەوەییدا دروستبکات و سەلاحەدین هەم وەک سەرمایەی کورد و هەم وەک فەخری میللەتی عەرەب و سەرچاوەی شانازی بۆ جیهانی ئیسلام بناسێنێت.

بە کورتی ئەم دەقە نموونەیەکی بەرچاوە لە هەوڵەکانی بنیاتنانی گوتاری نەتەوەیی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە تێیدا چەندین گوتاری جیاواز نەتەوەیی ئیسلامی مۆدێرنیتە رۆشنبیری پێکەوە گرێدەدرێن بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی یەکگرتوو بۆ کورد.

## بەشی پێنجەم: سوڵتان سەلاحەدین لە رۆژنامەکانی قۆناغی سێیەم (١٩٣٢-١٩٤٨)

### یەکەم: گۆڤاری هاوار

بەرگی یەکەمی بەشی پیتی لاتینی ژمارە (١٣)ی رۆژی ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٣٢ی گۆڤاری (هاوار) بە وێنەیەکی سەلاحەدین رازاوەتەوە، وێنەکە دەگمەنە و پێشتر لە هیچ رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی دیکەدا بڵاونەبووەتەوە. بە لاتینی لە ژێر وێنەکەدا نووسراوە (Siltan Selahedînê Eyûbî) هەمان وێنە بە قەبارەیەکی بچووکتر لە لاپەڕە ٤ی بەشی پیتی عەرەبی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە و لە ژێر وێنەکەدا نووسراوە سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی.

لە سەرەتای بەشی پیتی عەرەبی بابەتێک لەژێر ناوی (سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی) بڵاوبووەتەوە، تێیدا هاتووە: **ئینسایکلۆپیدیا مەزن ژ بندا سەلاحەدین را هولی دستپێ دکە: "ئەڤ کورد.... "هەری سەلاحەدین کورد بوو، ژ مە بوو، ژ مزنێن کوردان بوو، هێژ بێتر و راست تر کوردی مەزن و مرۆڤی مەزن بوو. ژ خوە مەزناهی بە مەزنان چێ دبە، کو مەزن نەبن، بن مەزناهی نایە پێ مەزناهییا ملەتان ژێ هولێ یە، میللەت بە مرۆڤێن مەزن و بژارتە مەزنن، ئەو میللەت مەزنە کو مەزنان دتێنە پێ، مرۆڤێن مەزن ژێ دەر د کەڤن. ژ ملەتێ کوردان گەلەک مرۆڤێن مەزن دەرکەتنە هەروەکی شارمۆری - زانایەکی روس – گوتیە.**

**میللەتێ کوردان سەلاحەدین دە هەیا مەکە وەلێ دە ئانیو دنیایێ کردنیا بووبوو دوبەر لە هەڤ کەتبو، دە دشت و بلند جهێن ئەورپای دە بە هەزار، بە لەك و کروران خەلك گەها بون هەڤ و بەرێن خوە دابون وەلاتی روژهەڵات....**

**هنگی ژولاتی سەرحەدان، ژ چیایێن کوردستانێ، ژ ستێن زنارێن مە رۆژەك هەلات - سەلاحەدین.. ملەتێن عیسا چێ کرن. ئولا محەمەد پاراست، خەلاس کر و ژ نوڤە دانی، ژ لورا ژیرە محەمەدی دوم ژی تینە گوتن.**

**سەلاحەدین، د ڤێ زەمانێ کە دە ولاتێن دەوڵتا خوە هەمی ژی ئاڤا کربون. ئاڤاهیکە وی کو خەڵکێن ئەوروپایی ژوان نموونە دگرتن. سەلاحەدین سوڵتان بوو، سەردار بوو، زانا بوو و شاعر بوو، لە سەر هەر تشتێن دنیایێ سەر وەخت بوو. طەبابەت ژی دەزانی بوو، د بیژن ک برێ وی قەراڵێ ئینگلستانێ ریشاردی دڵشێر دەوەختی شەرِی دە نەخۆش کەتبوو، حاڵێ وی خدار بوو، پزیشکێن قراڵ نکاربوون قراڵێ خوە دەرمان بکەن، سەلاحەدین پزیشکێن خوە شاند بوو بالی. ئەوژی بە سەر نەخوەشیا ریشارد ڤەنبوون، هەنگی سەلاحەدین بخوە کەت شکلی پزیشکان، چون ک ریشارد و دوژمنێ خوە دەرمان کر. سەلاحەدین ژوان مەزنان بوو کە قەدرێ وی نە تەنێ مرۆڤ، دوست و میللەت و بن دەستێن وی لێ دوژمن و نیارین وی ژی دەزانی بوون و حەتا ئیرۆژی دەزانن.**

**دە ساڵا (١٨٩٨) دە وەکی ئمپراتۆری ئەڵمانان هاتبوو شامێ قەصدا تربا سەلاحەدین کربوو. بەری کو بگهە تربێ ژ گرگروکا خوە پیاو بوو پیلەکە درێژ ب پیاتی چووبوو. هرێ ئەڤ سەلاحەدین، مرۆڤ و سەرداری مەزن سەلاحەدینی مەبوو. سەلاحەدینی کورد بوو، ژبونا مەزناهییا ملەتکی ما سەلاحەدینەک نە بەسە؟** (بدرخان، ١٩٣٢، ژ ١٣: ١-٢)

ئەم دەقە زیاتر لە گێڕانەوەیەکی سادەی مێژوویی دەچێت، بەڵام لە هەمانکاتدا وەک زۆربەی ئەو وتارانەی کە سەبارەت بە سەلاحەدین نووسراون، بریتییە لە هەوڵدانێک بۆ بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردی لەسەر بنەمای کەسایەتییەکی مێژوویی ناودار. دەقەکە بە ئاشکرا، جەخت لەسەر کوردبوونی سەلاحەدین دەکاتەوە بە دەستەواژەی وەک "سەلاحەدین کورد بوو، ژ مە بوو، ژ مزنێن کوردان بوو" و تیۆرێکی نەتەوەیی پێشکەشدەکات، کە "میللەت بە مرۆڤێن مەزن و بژارتە مەزنن" و "ئەو میللەت مەزنە کو مەزنان دتێنە پێ" لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیدا، دەقەکە بەشێکە لە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم کە هەوڵ دەدا لە ڕێگەی مێژووەوە شەرعییەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی بدات. لە میتۆدی گوتارناسی دەقەکەدا، نووسەر سوود لە کۆمەڵێک تەکنیکی وەک ئینتەرتێکستوالیتی، کە بە واتایەکی سادە یانی هیچ دەقێک بە تەنها و لە بۆشاییدا بوونی نییە، بەڵکو هەر دەقێک پەیوەندی بە دەقەکانی پێش خۆی یان هاوزەمانی خۆیەوە هەیە و کاریگەریی لە دەقەکانی تر وەردەگرێت یان کاریگەری لەسەر دەقەکانی دواتر دادەنێت. لێرەدا نووسەر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی سود وەردەگرێت لە بۆچوونەکانی نووسەرێکی وەک "شارمۆری - زانایەکی روس" دەبات پرسیاری بەلاغی "ژبونا مەزناهییا ملەتێ ما سەلاحەدینەک نە بەسە؟" و دوالیزمی "ئێمە" و "ئەوان".

لە لایەنی ئاستەکانی گوتارەوە، دەقەکە سێ ئاست لەخۆ دەگرێت: ئاستی دەلالی، کە سەلاحەدین وەک "مرۆڤێ مەزن" و "کوردێ مەزن" و "رزگارکەری ئۆلا محەمەد" پێناسەدەکات و هاوکات وێنەیەکی فرەلایەن دەکێشێت وەک"سوڵتان، سەردار، زانا، شاعر، پزیشک" ئاستی سینتاکتیکی (نحوي) کە بەکارهێنانی ڕستەی کورت و کاریگەر بۆ دەربڕینی ڕاستیی نەگۆڕ، بەراوردکاری نێوان "میللەتێن عیسا" و "میللەتێن محەمەد" و ریزکردنی بەڵگە بەرەو دەرەنجامێکی لۆژیکی لەخۆدەگرێت. ئاستی پراگماتیکی، کە دروستکردنی گوتارێکە سەلاحەدین وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی دەخاتەڕوو و سیمبولێکی نەتەوەیی-ئیسلامی لێ دروست دەکات کە لە ڕێگەیەوە کورد دەتوانێت شوێنی خۆی لە مێژووی جیهاندا بدۆزێتەوە لە ڕووی کۆنتێکستی مێژووییەوە، دەقەکە لە گۆڤاری "هاوار"دا بڵاوکراوەتەوە کە لە سەردەمی پێکهاتنی بیری نەتەوەیی کوردی و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا پاش ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ دەرچووە، کاتێک کە مێژوو وەک ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان بەکاردەهات.

دەرئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم دەقە ئەوە دەسەلمێنێ کە نووسەر لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکی زمانەوانی و بەلاغییەوە هەوڵیداوە بەرەی هاوپەیمانییەتی و دژایەتی کردنی گوتاری دژ بە کورد دروست بکات و کوردبوونی سەلاحەدین وەک ڕاستییەکی مێژوویی بچەسپێنێت و لە ڕێگەیەوە جەخت لەسەر بوونی نەتەوەیی کورد بکاتەوە لە سەردەمێکدا کە ئەم بوونە لە ژێر هەڕەشەدا بوو.

**دووەم: گۆڤاری نیشتمان**

گۆڤاری نیشتمان، کە لە تەمووزی ١٩٤٣ یەکەمین ژمارەی دەرچووە و دوا ژمارەشی لە مایسی ١٩٤٤ لە مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە لایەن ئەندامانی (کۆمەڵەی ژ.ک) دەردەچوو. "کۆمەڵەی ژ.ک یەکەمین و تاقە ڕێکخراوی ناسیونالیستی، ئەوکاتەی ڕیژهەڵاتی کوردستان بووە.." (کەریمی، ٢٠٠٨ :٦) ئەم گۆڤارەش لە گرنگیدان بە کەسایەتییە مێژووییەکانی کورد، بە تایبەتی سوڵتان سەلاحەدین، هەمان ڕێچکەی گۆڤارەکانی (ڕۆژی کورد) و (دیاری کوردستان)ی گرتووەتە بەر و لە چەندین ژمارەیدا، بەرگی گۆڤارەکەی بە وێنەی سوڵتان سەلاحەدین ڕازاندووەتەوە.

ژمارە ٣-٤ ی گۆڤارەکە سەرماوەز و ڕێبەندانی ١٣٢٢ کۆچی هەتاوی، لە یەک بەرگدا بڵاو بوونەتەوە، لە ڕووبەری بەرگەکەیدا هەمان وێنەی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی دانراوە،کە ساڵی ١٩١٣ لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) دا بڵاو کراوەتەوە و ساڵی ١٩٢٥ گۆڤاری (دیاری کوردستان)نیش لە هەموو ژمارەکانیدا دای ناوە. لە ژێر وێنەکەی سوڵتان سەلاحەدین دا شیعرە بەناوبانگەی شێخ ڕەزا دانراوە کە دەڵێ:

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن ئەمما

سەلاحەدین کە دونیای گرت لە نەسڵی کوردی بابان بوو

لە ژمارە (٥-٦-٧) کە لە ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٢٢ لە یەک بەرگدا دەرچوون و ژمارە (٨-٩) جۆزەردانی ١٣٢٣ کە لە یەک بەرگدا دەرچوون، دیسانەوە وێنەی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی لەبەرگی گۆڤارەکەدا دانراوە و لە ژێر وێنەکەدا هەمان شیعر دانراوە کە ساڵی ١٩٢٥ لە لایەن سالح زەکی ساحێبقران لە گۆڤاری (دیاری کوردستان) دای نابوو.

تۆ نەمردووی ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی نەسەب

هەر بژی ئەی شاهی بەیتی کورد، ئەی فەخری عەرەب

دانانی وێنەی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی و دووبارەکردنەوەی ئەو شیعرە لە ژێر وێنەکەیدا، لە لایەن ڕێکخراوە سیاسی و ناسیۆنالیستەکانی کوردەوە لەسەر بەرگی گۆڤارە کوردەییەکانی (ڕۆژی کورد ١٩١٣، دیاری کوردستان١٩٢٥ و نیشتمان ١٩٤٤)، جگە لەوەی تەوزیفکردنی مێژوو و کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبییە بۆ خزمەتی بەهێزکردنی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە ناو کوردەواریدا، ئەو ڕاستییەش ئاشکرا دەکات ناسیۆنالیستەکانی کورد چی لە ئەستەمبول بن یان لە بەغدا و مەهاباد، ئامانجەکانیان یەک ئامانج بووە و هەمیشە لەپێوەندیدابوون و نەیانهێشتووە ڕوناکیی مەشخەڵی ناسیۆنالیزمی کوردی بکوژێتەوە و بە پێی هەلومەرجی هەرلایەک ئەرکی یەکتریان تەواو کردەوە.

تەنانەت (کۆمەڵەی ژ.ک) لەو ڕۆژمێرە تایبەتییەی کە بۆ ساڵی ١٣٢٣ کۆچی شەمسی (١٩٤٤-١٩٤٥)ی زاینی دەری کردووە، و پێموایە یەکەمینجارە کورد ڕۆژمێری تایبەتی بە مانگ و ساڵی تایبەت بە خۆی دەبێت، وێنەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی داناوە.

**سێیەم: ڕۆژنامەی کوردستان ١٩٤٦**

لای خۆیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەربەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبی دیموکرات، گرنگییەکی تایبەتی بە مێژووی کورد و کوردستان داوە. لە ژمارەکانی ٨٤ و ٨٥ کە لە خەرمانانی ١٣٢٥ دەرچوون، لە ژێر ناوەکانی (شەڕی صەلیبی) و (بەشی زۆری مەفاخیری ئیسلامیی کوردبوون) باسی لەو کوردانەی، کە لە مێژووی ئیسلامدا ڕۆڵیان هەبووە کردووە و بە شێوەیەکی تایبەتیش باسی لە ناو و ناوبانگی سەلاحەدینی ئەیوبی و قارەمانێتی ئەو کردووە و هەوڵیداوە لە ڕێگەی باسکردنی دەوڵەتی کوردیی ئەیوبییەوە، هەستی نەتەوەیی هاوڵاتیان بجزوێنێ و گیانی بەرخۆدانیان تێدا بچێنێ.

**چوارەم: گۆڤاری گەلاوێژ**

لە حوزەیرانی ١٩٤٩، لە ژمارە شەش و ژمارەکانی دواتریدا، بە زنجیرە دەستی دایە بڵاوکردنەوەی بابەتێک بە ناوی (سەلاحەین و ئەهلی خاچ)، کە لە بنەڕەتدا ئەو بەشەی کتێبی (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)ی محەمەد ئەمین زەکی بەگە، کە تایبەتە بە دەوڵەتی سەلاحەدینی ئەیوبی. سەرنووسەری گۆڤارەکە عەلائەدین سەجادی لە پەراوێزدا هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو زینجیرە بابەتەی بەم جۆرە ڕوونکردووەتەوە: "لێرەدا ویستمان خوێنەروارانی گەلاوێژی خۆشەویست بە زمانی کوردی لەو کارەساتانە تێ بگەیەنین، کە قارەمانە گەورەکەی کورد و ئیسلام سەلاحەدینی ئەیوبی لە باری سەندنەوەی فەڵەستن و ئەهلی خاچدا گێڕاویەتی، وە بۆ جاری دووەم عالەم تێبگەیەنین، کە سەلاحەدینی کوردی لەبەر ئەوە بە نیەتێکی خاوێنەوە دەستی دابوویە لەشکری لێشاوی ئەهلی خاچی لە فەڵەستین دور خستەوە و سەرلەنوێ ئەستێرەی گەشی ئیسلامیی گەیاندە شوێنی خۆی و ناوی کوردی بەبەردی نەبەردی بە عالەم ناساند.." (گەلاوێژ، ١٩٣٩ژ٦: ١)

## بەشی شەشەم: ئەنجامگیری و ڕاسپاردەکان

### یەکەم: دەرئەنجام

بە پێی شیکردنەوەی بابەتەکە، ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک دەرئەنجامی سەرەکی دەخەینە ڕوو:

١. ڕۆژنامەگەریی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٤٨ بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگیی بە وێنە و گوتاری پەیوەندیدار بە سوڵتان سەلاحەدین داوە. ئەمەش چەند خاڵێکی گرنگی دەرخستووە:

٢ .سەلاحەدین وەک سیمبولی نەتەوەیی: ڕۆژنامەکان هەوڵیانداوە سەلاحەدین وەک سیمبولێکی نەتەوەیی کورد پێشکەشبکەن، کە نیشانەی هەوڵی دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەشە بۆ گەلی کورد.

٣ .بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی: بەکارهێنانی کەسایەتی سەلاحەدین بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردیی بووە، بەتایبەت لە سەردەمێکدا، کە پرسی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردبوو.

٤ .بەردەوامی و فرەڕەهەندی: گرنگییدان بە سەلاحەدین لە هەموو قۆناغەکانی ئەو ٥٠ ساڵەدا نیشاندەری بەردەوامی و گرنگی ئەم کەسایەتییە بووە لە گوتاری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

٥ .هەمەجۆریی شێوازی پێشکەشکردن: ڕۆژنامەکان بە شێوازی هەمەجۆر (وێنە، وتار، چیرۆک...) کەسایەتی سەلاحەدینیان بەکارهێناوە، کە ئەمەش نیشانەی هەوڵی بەرنامەدارێژراو بووە، بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی بە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

٦ .بونیادنانی میتۆلۆجیای نەتەوەیی: ڕۆژنامەگەریی کوردی هەوڵیداوە کەسایەتییە مێژووییەکان، بەتایبەت سەلاحەدین، بۆ بونیادنانی میتۆلۆجیایەکی نەتەوەیی بەکاربهێنێت، کە ببێتە پاڵپشتی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کورد.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە سەبارەت بە گرنگی سوڵتان سەلاحەدین لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا (١٨٩٨-١٩٤٨)، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشکەش دەکەین:

١ .پێویستی بەڵگەنامەکردنی ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی کوردی: پێویستە سەنتەرە زانستی و ئەکادیمییەکان هەوڵی زیاتر بدەن بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی ئەرشیفی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمە، بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی و کەلتووری بپارێزرێن.

٢ .فراوانکردنی بواری توێژینەوە: پێشنیار دەکەین توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر کەسایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەی ناو ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەنجامبدرێت، بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پرۆسەی بونیادنانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

٣ .توێژینەوەی بەراوردکاری: ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری نێوان ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەگەریی گەلانی دیکەی ناوچەکە لە هەمان سەردەمدا، بۆ دەرخستنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان لە بەکارهێنانی سیمبولە نەتەوەییەکاندا.

٤ .گرنگیدان بە شێوازی شیکردنەوەی گوتار: پێویستە لە توێژینەوەکانی داهاتوودا گرنگی زیاتر بە شیکردنەوەی گوتار و تەکنیکەکانی پرۆپاگەندا لە ڕۆژنامەکاندا بدرێت، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و وێنە لە بونیادنانی ناسنامەی نەتەوەییدا.

٥ .بەدیجیتاڵکردنی سەرچاوەکان: گرنگە ئەرشیفی ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو سەردەمە بە شێوەی دیجیتاڵ ئامادەبکرێن و بخرێنە بەردەستی توێژەران، بۆ ئەوەی دەرفەتی توێژینەوەی زیاتر فەراهەمبکرێت.

٦ .پەرەپێدانی تیۆری بۆ توێژینەوەی میدیای کوردی: پێویستە هەوڵبدرێت بۆ پەرەپێدانی تیۆری تایبەت بە شیکردنەوەی میدیای کوردی کە لەگەڵ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی کوردستان بگونجێت.

٧ .گرنگیدان بە ڕۆڵی خوێنەران: توێژینەوە لەسەر کاریگەریی ئەم گوتارە لەسەر خوێنەرانی ئەو سەردەمە و چۆنیەتی وەرگرتن و تێگەیشتنیان لە پەیامەکان، پێویستە بکرێت.

٨ .ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان توێژەرانی بوارەکە: پێشنیار دەکەین کۆنفرانس و سیمینار و کۆڕی تایبەت بە ڕۆژنامەگەریی کوردی بە بەردەوامی سازبکرێت، بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و دەرئەنجامی نوێی توێژینەوەکان.

٩ .پاڵپشتیکردنی توێژەران: دامەزراوە ئەکادیمی و زانستییەکان پێویستە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی زیاتر بۆ توێژەرانی بواری مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دابین بکەن.

١٠. پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەگەری و سیاسەت: توێژینەوەی قووڵتر لەسەر پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەگەری و سیاسەت لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورددا پێویستە، بۆ دەرخستنی چۆنیەتی کاریگەریی ڕۆژنامەگەری لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد.

لە کۆتاییدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریدەخات کە ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە لە بەرهەمهێنانەوەی کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین وەک سیمبولێکی نەتەوەیی و بەکارهێنانی بۆ پێشخستنی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕۆژنامەگەری لەو قۆناغەدا زیاتر ڕۆڵی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی گێڕاوە زیاتر لە ڕۆڵی پیشەیی

## سەرچاوەکان:


1. ئەمین، نەوشیروان مصطفی (٢٠١٣) بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨- ١٩٥٨، کتێبی دووەم بەرگی یەکەم، بیروت، الدار العربیة للعلوم ناشرون.
2. ئەمین، نەوشیروان مصطفی (٢٠١٣) بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، قوتابخانەکانی ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی قەڵەم و موراجعات، کتێبی دووەم بەرگی دووەم، دار العربیة للعلوم الناشرون.
3. ابن خلكان (١٩٧٨) وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان – الجزء السابع، بيروت دار صادر
4. ابو حديد، محمد فريد (١٩٢٧) صلاح الدين الايوبي وعصره، القاهرة – مطبعة دار الكتب المصرية.
5. اندرسن، بنديكت (١٣٩٣) جماعت‌های تصوری، ترجمه محمد محمدی، تهران، رخداد نو.
6. بوول، ستانلی لین (١٩٩٥) صلاح الدين وسقوط مملكة المقدس، ترجمة سعد أبو جابر، موسسة الاهرام للنشر والتوزيع، القاهرة- مصر.
7. زەکی بەگ، محەمەدئەمین (٢٠٢١) خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان (جڵدی ٢)، بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان- سلێمانی- کوردستان.
8. الشافعي، محمد (٢٠١٠) الناصر صلاح الدين الاتحاد قبل الجهاد، القاهرة – دار الجمهورية للصحافة.
9. مؤنس، حسين (١٩٥٩) نور الدين محمود سيرة مجاهد صادق، شركة العربية للطباعة والنشرو القاهرة- مصر.
10. Ehrenkreutz. Aandrew (1972) Saladin ،State university of New Press Albanya.

11. خەزنەدار، جەمال (١٩٧٣) رۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣، بەغدا.
12. بەدرخان، جلادت عالی (١٩٣٢) سوڵتان سەلاحەدین، گۆڤاری هاوار ژمارە ١٣، دیمەشق.
13. دیاری کوردستان (١٩٢٥) بەغدا، ژمارەکانی ١ تا ١٢.
14. رۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢١) سلێمانی، ژمارە ٥٧.
15. رۆژی کورد (١٩١٣) ئەستەمبول، ژمارە ٢ و ٣
16. کوردستان (١٨٩٨) ژمارە ١٤. وەرگیراوە لە کتێبی کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، چاپی سێیەم ٢٠٠٦، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی تاران.
17. کوردستان (١٩٤٦) مەهاباد، ژمارەکانی ٨٤- ٨٥.
18. گۆڤاری کوردستان (١٩١٩) ئەستەمبول، ژمارە ١٠. ئامادەکردنی سدیق ساڵح و رەفیق ساڵح لە ساڵی ٢٠٢٢ لە بنەکەی ژین لە چاپ دراوەتەوە.
19. گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٤٩) بەغدا، ژمارەکانی ٦....
20. گۆڤاری نیشتمان (١٩٤٣) مەهاباد، ژمارەکانی ٢-٣.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal** for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-26

# Research TitleReflection on the history of SaladinKurdish journalism in the middle of the century(1948-1898)

**Majid Salih Aziz**

A-Grade Advisor in the Kurdistan Parliament, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **June, 2025** |
|---|---|
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **Novemer, 2025** |

**Keywords**

**Kurdish journalism, Saladin, national identity, nationalism, media history, symbolic representation**

**Corresponding Author**

m.salihaziz@gmail.com

## Abstract:

**The Reflection of Saladin's History in Kurdish Journalism Over Half a Century (1898-1948)**

This research examines the significant role played by Kurdish journalism between 1898 and 1948 in promoting Sultan Saladin as a Kurdish national symbol. Through systematic analysis of Kurdish newspapers and periodicals from this period, the study reveals how Kurdish media consistently featured articles, images, and various content forms highlighting Saladin's historical significance, with the explicit aim of strengthening Kurdish national identity and nationalism.

The findings demonstrate that across all stages of this fifty-year period, Kurdish journalism deliberately employed Saladin's image as a unifying national symbol. This was accomplished through diverse journalistic approaches including visual representation, editorial content, historical narratives, and opinion pieces. The research indicates that Kurdish media during this era functioned primarily as an ideological apparatus for nation-building rather than adhering strictly to professional journalistic standards.

The study concludes that Kurdish journalism's consistent portrayal of Saladin contributed significantly to the construction of Kurdish national mythology and reinforced nationalist discourse during a critical period of identity formation. This historical media analysis provides valuable insights into the relationship between journalism, historical symbolism, and the development of nationalist movements in the Kurdish context of the early to mid-20th century.